

وەرگێڕان:
ئالان محەمەد
سەرکێشییەکانی
شێرلۆک
هۆلمز
ئارسەر کۆنان دۆیڵ

**به ناوی خودای گەورە و میهرەبان**

**پێشەکی**

**سەرکێشییەکانی (شێرلۆک هۆڵمز) یەکێکە لە زنجیرە پەرتووکەکانی نووسەری ناودار (ئارسەر کۆنان دۆیڵ). کەسایەتی (شێرلۆک هۆڵمز) بە مەزنترین دروستکراوی (ئارسەر کۆنان دۆیڵ) دادەنرێت بەوەی کە ئەم زنجیرە پەرتووکانە زۆرترین خوێنەری هەبووە و کاریگەرییەکی ناوازەی لەسەر جیهانی ئەدەبیاتی ئینگلیزی ئەو کات هەبووە. هەروەها ئەو کاریگەرییە لەم سەردەمی مۆدێرنەدا تێبینی دەکرێت بەوەی کە ڕەنگدانەوەی ئەو کەسایەتییە لە چەندین شانۆ و پەخشان و جیهانی سینەمادا بەدی دەکرێت.**

**نووسەر: ئارسەر کۆنان دۆیڵ**

**وەرگێران لە عەرەبییەوە: ئالان محەمەد**

## سەرکێشییەکانی شێرلۆک هۆڵمز

## بەشی یەکەم - ئاشوبی بوهیمیا

(هۆڵمز) هەمیشە بە "ئافرەت"ەکە ناوی دەهێنا، دەگمەن بە ناوێکی تر ناوی دەهێنا. لە تێڕوانینی ئەوەوە ئەو ئافرەتە لە سەرجەم ئافرەتەکانی تر ناوازتر بوو. ئەوە مانای ئەوە نییە کە (هۆڵمز) هەستی خۆشەویشتی بۆ (ئایرین ئادلەر) هەبووە، چونکە دڵی ڕەقی ئەو، ئەو جۆرە هەستانە ڕەت دەکاتەوە، بەڵکو (هۆڵمز) سەرسام بوو بەوەی کە زۆر زیرەکە. (هۆڵمز) هەرگیز بە شێوەیەکی جددی بیری لە خۆشەویستی نەکردۆتەوە، تەنانەت گاڵتەشی پێ دەکرد!

ئەم جۆرە هەستانە سوودی بۆ کەسەکە دەبێت بەوەی کە وای لێدەکات بتوانێت ویست و ئاواتی مرۆڤەکانی دەوروبەری ئاشکرا بکات. بەڵام ئەگەر ئەو هەستانە کاریگەری لەسەر کەسەکە هەبێت، ئەوا سەرجەم ئاکامەکانی دەبنە مایەی گومان لێکردن. ئەگەر دەنکە لمێک بچێتە ناو یەکێک لە هاوێنەکانی، ئەوا بێزاری دەکات وەکو چۆن هەستی سۆزداری ئەو بێزار دەکات.

ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە کە (شێرلۆک هۆڵمز) هەرگیز سەرسامی هیچ ئافرەتێک نەبووە، جگە لە (ئایرین ئادلەر)ی نامۆ.

هاوسەرگیری من وایکرد کە بۆ ماوەیەک ئاگام لە (هۆڵمز) نەمێنێت و نەیبینم، چونکە هاوسەرگیری تایبەتت بۆ پەیدا دەکات بەوەی کە خاتوونێک هەیە لە ماڵەوە چاوەڕێت دەکات، ئەمەش تەواوی سەرنجی منی ڕاکێشا و دڵخۆشی کردم. (هۆڵمز) "کە ڕقی لە هەموو جۆرە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە و ڕەتی دەکاتەوە" لە ماڵە کۆنەکەمان لە شەقامی "بەیکەر" مایەوە، کاتی خۆی بە تەمبەڵی و خواردنەوەی کحول بەڕێ دەکرد.

وەکو هەمیشە سەرقاڵی لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو دۆسیانە بوو کە پۆلیس پشتی لێ کردبوون و پێیان چارەسەر نەدەکرا. هەندێک جار لە زاری خەڵکەوە گوێبیستی چیرۆکەکانی ئەو دەبووم. وەکو چۆن کە بۆ ڕووداوی کوشتنی (تریپۆف) بانگی (ئۆدێسا)ی کرد، یان کە چۆن دۆسیەی نامۆی برایەکانی (ئاتکنسن)ی چارەسەر کرد، یان کە چۆن لەو ئەرکەدا سەرکەوتوو بوو کە بۆ خانەوادەی شاهانەی هۆڵەندای ئەنجام دا. بەڵام هێشتا زانیاری وردم لەسەر هاوڕێ کۆنەکەم نەزانی، چونکە منیش وەکو هەمووان لە ڕۆژنامەکانەوە ئاگاداری چالاکییەکانی ئەو بووم.

شەوێکیان لە بەرواری ١٨٨٨/٣/٢٠ تازە لەسەر کار گەڕابوومەوە و بە شەقامی "بەیکەر"دا ڕۆیشتم. لەپڕ ئەو شوێنەم بینی کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لەگەڵ (هۆڵمز) تێیدا دۆسیەکانمان چارەسەر دەکرد، وەکو دۆسیەی "داوی سوور" و چەندینی تر. کە ئەوێم بینی، بڕیارم دا کە سەردانی بکەم و بزانم بارودۆخی ئەو چۆنە. ماڵەکەی ڕووناک بوو و سێبەری ئەوم لە پشت پەردەکە بینی کە دەستی لە دواوەی خۆی بەستبوو و سەری بەرەو سنگی دانواندبوو و بە ژووردەکەدا ڕاکە ڕاکی دەکرد. لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو کارم کردبوو، ئەوا دەمزانی کە ئەم جۆرە ڕەفتارە مانای چییە، مانای ئەوەبوو کە دۆسیەیەکی تری دۆزیوەتەوە و دەیەوێت چارەسەری بکات.

لە دەرگام دا و دواتر خاوەن ماڵ دەرگایەکەی لێ کردمەوە و منی بەرەو ئەو ژوورە ڕێنوێنی کرد کە پێشووتر ژووری من بوو. (هۆڵمز) کە منی بینی بەجۆشەوە پێشوازی لێ نەکردم، هەڵبەتە ئەو هەرگیز لەو کەسانە نەبووە کە بە هەست و سۆزێکی زۆرەوە پێشوازی لە خەڵک بکات، بەڵام وابزانم بە بینینی من دڵخۆش بوو. بێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێت، ئاماژەی پێکردم کە لەسەر کورسیە نەرمەکە دانیشم، ئەویش لە بەردەم ئاگرەکە وەستا و وەکو هەمیشە لە منی دەڕوانی تاکو شیم بکاتەوە. دواتر گوتی: هاوسەرگیری بۆ تۆ زۆر شیاوە (واتسن)، لەچاو کۆتا جار کە تۆم بینی، ئەوا کێشت سێ کیلۆ و چارەگێک زیادی کردووە.

منیش گوتم: تەنیا سێ کیلۆ

ئەویش گوتی: دڵنیایت؟ وابزانم لەوە زیاترە (واتسن)ی ئازیز. هەروەها تێبینیم کردووە کە گەڕاویتەوە سەر کار، تۆ پێت نەگوتم کە دەگەڕێیتەوە سەر کار.

منیش پرسیم: کەوایە چۆنت زانی؟

بە هەمان ئەو شێوەیە زانیم کە تەڕ بوویت و هەروەها خزمەتکارێکی خراپت هەیە.

منیش گوتم: بەسە (هۆڵمز)! ئەگەر چەند سەدەیەک بەر لە ئێستا ژیابایت، ئەوا خەڵک تۆیان لەسێدارە دەدا بەوەی کە وایان دەزانی تۆ جادووگەریت. ڕاست دەکەیت، ڕۆژی پێنج شەممە بوو کە ڕۆیشتبووم بۆ گوند و دواتریش لە ڕێگای گەڕانەوەدا بە هۆی بارانە بە حاڵێکی شڕەوە گەیشتمە ماڵەوە. بەڵام من جلەکانم گۆڕیون، بۆیە نازانم چۆن ئەوەت زانی.

**هەروەها هاوسەرەکەم (ماری جەین)ی خزمەتکاری ئێمەی دەکردووە بەوەی کە لە کارەکەی خراپە، نازانم چۆن بەوەشت زانی!**

**دواتر بە دەنگێکی نزم پێکەنی و گوتی: زۆر ئاسانە، تێبینی ئەوەم کرد کە پێستی پێڵاوی چەپت (کە لە بەردەم ئاگرەکە بە ڕوونی دیارە) شەش شوختی پێوەیە، ئەوەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەسێک بە بێ باکی لە کاتی خاوێنکردنەوەی پێڵاوەکەت و لابردنی قوڕەکە لەسەری ئەو شوختانەی دروست کردووە. بۆیە بە هۆی ئەمەوە زانیم کە تۆ لە کەشێکی خراپدا چوویتە دەرەوە و هەروەها خزمەتکارێکی خراپت هەیە. هەروەها بۆیە زانیم کە چوویتەوە سەر کار چونکە بۆنی ئەو پاککەرەوەیەت لێ دێت کە پزیشکەکان بەکاری دێنن و هەروەها پەنجەی دۆشاومژەشت تۆزێک ڕەش بووە، ئەوەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وردیلەی زیوت بەکارهێناوە. هەروەها گنجێک لە کڵاوەکەتدا هەیە، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بیستۆکی پزیشکییەکەت لەوێدا دەشاریتەوە. ئەگەر کەسێک بەم وردەکارییانەوە بێتە ناو ماڵەکەی من و نەزانم کە پزیشکە، ئەوا لەگەڵ گەمژەیەک هیچ جیاوازییەکم نییە.**

**بە هۆی ئەوەی کە بەم ئاسانییە شیدەکردەوە، ئەوا خۆم بۆ نەگیرا و پێکەنیم. دواتر گوتم: کە بەم جۆرە شتەکان شیدەکەیتەوە، ئەوا هەست دەکەم کە زۆر ئاسانن، بەڵام لە هەمان ساتیشدا لەگەڵ هەر هەنگاوێکی شیکردنەوەت من لە هیچ تێناگەم، بەڵام پێم وایە کە چاوی منیش وەکو چاوی تۆیە و هیچ جیاوازییەکی نییە.**

**ەویش لەسەر کورسییەک دانیشت و لە وەڵامدا گوتی:**

**ڕاست دەکەیت، بەڵام تۆ سەرنجی ئەوە نادەیت کە سەیری دەکەیت، ئەوەش جیاوازییەکی گەورەیە. بۆ نموونە تۆ بۆ چەندین جار ئەو پلیکانانەت بینیون کە بەرەو ئێرەت دێنن.**

**- ڕاست دەکەیت.**

**- چەند جار بینیوتن؟**

**- سەدان جار.**

**- کەوایە ژمارەی پلیکانەکان چەندە؟**

**- ژمارەیان چەندە؟ نازانم!**

**منیش مەبەستم ئەوەیە، تۆ بینیوتە، بەڵام سەرنجت نەداوە. ژمارەی پلیکانەکان بریتییە لە ١٧ پلیکانە، بۆیە ئەمە دەزانم، چونکە من لە ساتێکدا سەیرم کردوون و سەرنجیشم داون. بەهەرحاڵ مادام لێرەیت و گرنگی بەم جۆرە دۆسیانە دەدەیت و شارەزاری ڕەفتاری منیت، ئەوا لەوانەیە حەز بکەیت کە سەیری ئەمە بکەیت.**

**دواتر پارچە کاغەزێکی ئەستووری ڕەنگ پەمەیی بە مندا و گوتی: تازە ئەم نامەیەم بە پۆستە بۆ هات، تکایە بە دەنگێکی بەرزەوە بۆم بخوێنەوە.**

**بەرواری نامە کورتەکە دیاری نەکرابوو، هەروەها مۆر و ناونیشانیشی لەسەر نەبوو، بەهەرحاڵ خوێندمەوە و ئەمە نووسرابوو:**

**"ئەمشەو کاتژمێر ٧:٤٥ چاوەڕێی هاتنی کەسێک بکە.**

**بەڕێزێک دەیەوێت لە شتێکی زۆر نهێنی و گرنگدا داوای یارمەتی تۆ بکات، چونکە دوای ئەوەی کە یارمەتی یەکێک لە خانەوادە شاهانەییەکانی "ئەوروپا"ت دا، ئەوا بۆمان دەرکەوت کە دەتوانرێت پشت بە تۆ بۆ بابەتی گرنگ و نهێنی ببەسترێت. لەو کاتەدا لە ماڵی خۆتبە و لات سەیر نەبێت کە ئەو کەسەی دێت ڕووبەندێکی پۆشی بێت".**

**دوای ئەوەی کە ئەوەم خوێندنەوە گوتم: بەڕاستی شتێکی نامۆیە! ئەمە بە مانای چی دێت؟**

**(هۆڵمز) لە وەڵامدا گوتی: هیچ زانیارییەکم لا نییە، هەروەها باشیش دەزانیت کە نابێت بێ دەستکەوتنی زانیاری ئەگەر دانێین. چونکە ئەو کاتە بە بێ ئەوەی درکی پێ بکەین، ڕاستییەکان بە شێوەیەک دەگۆڕین تاکو لەگەڵ ئەگەرەکانمان یەک بگرێتەوە. بەڵام ئەی چی دەربارەی خودی نامەکە؟ ڕات لەسەری چییە؟**

**نامەکەم بە وردی پشکنی و دواتر منیش وەکو هاوڕێیەکەم شیکردنەوەم بۆ کرد و گوتم: دیارە کە باری دارایی ئەم کەسەی ئەم نامەیەی نووسیوە باشە، چونکە مەحاڵە کە دەستەیەک لەمە بە کەمتر لە نیو کراون کڕدرابێت. کاغەزێکی پتەوی سەیرە.**

**(هۆڵمز) گوتی: "سەیر..."، ئەم وشەیە زۆر گونجاوە، چونکە ئەمە کاغەزێکی ئینگلیزی نییە! ڕووی پێبکە ڕووناکی.**

**کە بەرەو ڕووناکییەکەم برد، تێبینی ئەوەم کرد کە لایەکی کاغەزەکە پیتی "غ" و "ی" لەسەرە و لایەکەی تری "ئ" و "غ" لەسەر بوو، هەڵبەتە ئەوانە لەسەر کاغەزەکە کوترابوون. دواتر (هۆڵمز) پرسی: ڕات لەسەر ئەمە چییە؟**

**منیش لە وەڵامدا گوتم: بە دڵنیاییەوە ناوی دروستکەری کاغەزەکەیە، پیتەکانی سەرەتای ناوی ئەون.**

**(هۆڵمز)یش گوتی: هەڵەیت، لە ڕاستیدا پیتەکانی "غ" و "ی" کورتکراوەی ناوی "غیزیلزشافت"ی ئەڵمانییە، بە مانای "کۆمپانیا" دێت، کورتکراوەیەکی ناودارە. سەبارەت**

بە پیتەکانی "ئ" و "غ"، ئەوا با سەیری نەخشەی ئەتڵەسی وڵاتە ئەوروپییەکان بکەین. دواتر لە یەکێک لە ڕەفەکانی پەرتووکێکی قاوەیی گەورەی هێنایە خوارەوە و دەستی بە خوێندنەوە کرد: "ئیغلو"، "ئیغلونیتز"... ئەمەتا، "ئیغریا". یەکێکە لە نیشتەنگە ئەڵمانییەکان، لە "بوهیمیا"یە (لە "کارلسباد"ەوە نزیکە، بەوە ناسراوە کە ژمارەیەکی ئێجگار زۆری کارگەی دروستکردنی شووشە و کاغەزی لێیە - لەسەر پەرتووکەکە وا نووسراوە). کە ئەمەمان خوێندەوە گوتم: کەوایە ئەم کاغەزە لە "بوهیمیا" دروستکراوە.

(هۆڵمز)یش گوتی: ڕاست دەکەیت، هەروەها ئەگەر سەرنج بدەیت، ئەوا ئەم پیاوە ئەڵمانییە، سەیری شێوازی ڕێکخستنی وشەکانی بکە، ئەگەر فەڕەنسی بووبا، ئەوا بەم شێوەیەی نەدەنووسی، چونکە تەنیا ئەڵمانییەکان بەم شێوازە شێواوە شێوازە شت دەنووسن.

ئێستا تەنیا ئەوە ماوە بزانین ئەم ئەڵمانییە کە کاغەزێکی "بوهیمیا"ی بەکارهێناوە چی دەوێت و بۆچی ڕووخساری خۆی دەرناخات؟

لە کاتێکدا (هۆڵمز) قسەی دەکرد، ئەوا پیاوە ئەڵمانییەکە هات و (هۆڵمز) گوتی: کەوایە گەیشت بۆ ئەوەی سەرلێشێواوی ئێمە نەهێڵێت.

لە کاتێکدا (هۆڵمز) لە قسەکردن تەواو دەبوو، دەنگی ئەسپ و وەستانی تایەی گالیسکەکە هات. دواتر کەسێک لە گالیسکەکە دابەزی و بە توندی لە زەنگیماڵەکەی (هۆڵمز)ی دا. دواتر (هۆڵمز) گوتی: بە پێی ئەم دەنگە بێت، ئەوا دیارە کە دوو کەسن. دواتر (هۆڵمز) لە ڕێگەی پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی کرد و گوتی: بەڵێ، ئەمە گالیسکەیەکە کە دوو ئەسپی جوان ڕایدەکێشن، نرخی هەر دانەیەکیان بریتییە لە ١٥٠ پاوەند!

(واتسن)، بە دڵنیاییەوە ئەم دۆسیەیە پەیوەستە بە پارەوە.

دواتر گوتم: وابزانم وا باشترە بڕۆم (هۆڵمز).

(هۆڵمز)یش گوتی: مەڕۆ دکتۆر، جێی داخ دەبێت ئەگەر تۆ لێرە نەبیت و قسەکانمان تۆمار نەکەیت. هەروەها دیارە کە ئەم دۆسیەیە زۆر خۆش دەبێت، بۆیە باشترە لێرە بمێنیتەوە.

منیش گوتم: ئاخر بۆ ئەو...

(هۆڵمز)یش گوتی: گرنگی بەو مەدە، من پێویستم بە تۆیە، لەوانەیە ئەویش پێویستی بە تۆ بێت. بۆیە لەسەر ئەو کورسییە دانیشە و بە وردی گوێ لە قسەکانمان بگرە.

دواتر گوێبیستی چەند هەنگاوێکی قورسی ئەو پیاوە بووین کە بە ڕێڕەوەکەدا دەهات و دواتر لە بەردەم دەرگا وەستا و بە توندی لە دەرگای دا. (هۆڵمز)یش گوتی: فەرموو، وەرە ژوورەوە.

پیاوێک هاتە ژوورەوە کە باڵای لە ١٩٥ سم کەمتر نەبوو و بوونیاتێکی جەستەیی وەکو "هەرقەل"ی هەبوو. پۆشاکێکی خانەدانانەی لەبەردا بوو، بەڵام ئەو جۆرە پۆشاکە لە تێڕوانینی خەڵکی ئینگلیزییەوە بە جۆرێکی تر سەیر دەکرا، وەکو ئەوەی بڵێیت کە ئەو

کەسە پۆشاکی نامۆ و سەیر دەپۆشێت. پاڵتۆیەکی ئەستووری لەبەر بوو، هەروەها عەبایەکی شینی تۆخیشی لەبەر بوو کە بە ئاوریشم نەخشێندرابوو و لەسەر شانەکانی دەچەمایەوە و ڕەنگی گڕی ئاگری هەبوو، ئەو عەبایە لە ڕێگەی دەمووسێکەوە بەسترابوو کە ئەو دەمووسە بەردێکی گرانبەهای تێدابوو کە بریتی بوو لە زمروتێکی گەشاوە. پێڵاوەکانیشی تاکو نزیک چۆکی درێژ بوو بوونەوە و لێواری پێڵاوەکانی بە خوورییەکی قاوەیی جوانکاری بۆ کرابوو. ڕوون و ئاشکرا بوو کە کەسێکی دەوڵەمەندە. کڵاوێکی پانی بەدەستەوە بوو و هەروەها ڕووبەندێکی پۆشی بوو کە تاکو ئێسقانی کوڵمی داپۆشیبوو. ئاشکرا بوو کە تازە ئەو ڕووبەندەی پۆشی بوو، چونکە دەستەکانی هێشتا بەرز کردبۆوە. بەشی خوارەوەی ڕووخساری دەری دەخست کە پیاوێکی خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزە و لێوەکانی پانە و چەناگەیەکی درێژی هەیە، وا دیار بوو کە کەسێکی زۆر کەلە ڕەقە.

بە شێوەزارێکی ئەڵمانی بە زمانی ئینگلیزی گوتی: ئایا نامەکەی منت پێگەیشت؟ ئاگادارم کردیتەوە کە دێم. دواتر بە شێوەیەکی نامۆ سەیری هەردووکمانی کرد، وەکو ئەوە وابوو کە نەزانێت قسە لەگەڵ کێ بکات. دواتر (هۆڵمز) گوتی: فەرموو دانیشە، ئەمە هاوڕێی منە کە ناوی دکتۆر (واتسن)ە، هەندێک جار لە دۆسیەکاندا یارمەتیم دەدات. ئەگەر زەحمەت نەبێت، ئایا دەتوانم لە ناوی تۆ بپرسم؟

پیاوەکەش لە وەڵامدا گوتی: من کۆنت (ڤۆنت کرام)م، یەکێکم لە خانەدانەکانی بوهیمیا. دواتر گوتی: وابزانم ئەم پیاوە بەڕێزە جێی متمانەیە "مەبەستی (واتسن)ە"، دیارە لەو جۆرە کەسانەیە کە نهێنی دەپارێزێت و ئەوە نادرکێنێت کە ئێستا لەگەڵ ئێوە باسی دەکەم، بەڵام ئەگەر جێی متمانە نییە، ئەوا پێم باشترە بە تەنیا قسە لەگەڵ تۆدا بکەم. دوای ئەم قسەیە هەستام و (هۆڵمز) مەچەکی گرتم و منی گەڕاندەوە سەر کورسییەکە و گوتی: پێویستە ئەویش لێرە بێت! هەرچی دەتەوێت بە منی بڵێیت، ئەوا دەتوانیت بەویشی بڵێیت. دواتر پیاوەکە گوتی: کەوایە پێویستە داوای ئەوەتان لێ بکەم کە بۆ ماوەی دوو ساڵ بێدەنگی بنوێنن، لە کۆتاییدا ئەمە زۆر گرنگ نابێت، بەڵام ئێستا ئەمە لەوانەیە کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر مێژووی ئەوروپا هەبێت.

دواتر پیاوە نامۆیەکە لە قسەکردن بەردەوام بوو و گوتی: بەڕێز (هۆڵمز)، هیوادارم تووشی ڕاڕایی نەبیت بەوەی کە ڕووبەندێکم پۆشیوە، ئەوەی منی بەکرێ گرتووە نایەوێت ناسنامەی خۆی و من ئاشکرا بکات، دان بەوەش دادەنێم کە ئەم ناوەی ئێستا پێم گوتیت

ناوی ڕاستەقینەی خۆم نییە. (هۆڵمز)یش گوتی: دەزانم.

پیاوە نامۆیەکە دووبارە دەستی بە قسەکردن کردەوە و گوتی: ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانە هەمیشە مایەی نیگەرانین، بۆیە پێویستە وریابین تاکو نەهێڵین ناوبانگی یەکێک لە خانەدانترین خانەوادە شاهانەییەکانی ئەوروپا لەکەدار بچێت! دان بەوە دادەنێم کە ئەمە پەیوەندی بە خانەوادەی شاهانەیی (ئورمشتاین)ی بەناوبانگی "بوهیمیا"وە هەیە.

(هۆڵمز) زۆر بە بێ باکی لەسەر کورسیەکەی دانیشت و چاوەکانی داخست و گوتی: ئەوەش دەزانم.

پیاوەکە بە سەرسامییەوە سەیری (هۆڵمز)ی کرد و زانی کە بەڕاستی ئەو وردترین و زیرەکترین لێکۆڵەرەوەی جیهانە. دواتر (هۆڵمز) چاوەکانی کردەوە و گوتی: خاوەنشکۆ، ئەگەر وردتر باسی ڕووداوەکان بکەیت، ئەوا بە شێوەیەکی باشتر دەتوانم یارمەتیت بدەم. دوای بیستنی ئەمە، پیاوەکە هەستا و بە شێوەیەکی شپرزانە بەناو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو، دواتر لەپڕ و بە شێویەکی خێرا ڕووبەندەکەی لەسەر ڕووخساری لابرد و فڕێیدایە سەر زەوی و گوتی: ڕاست دەکەیت، من بۆچی هەوڵی ئەوە دەدەم کە ئەمە بشارمەوە؟

(هۆڵمز) گوتی: ڕاست دەکەیت، بۆچی هەوڵی ئەوە دەدەیت کە بیشاریتەوە؟ تەنانەت پێش ئەوەی قسەش بکەیت، ئەوا دەمزانی کە تۆ (ویلهلم غوتسرایخ سیگمۆند فۆن ئورمشتاین)یت، پاشای "بوهیمیا" و مەزنترین دوقی "کاسڵ فیلشتاین".

پیاوەکە دوای ئەوەی کە زانی (هۆڵمز) دەزانێت ئەو کێیە، بە شپرزەییەکی زۆرەوە گوتی: دڵنیام کە تێدەگەیت بۆچی ئەم کارە دەکەم، من لەسەر ئەم جۆرە شتانە ڕانەهاتووم، بەڵام ناچار بووم ئەنجامی بدەم. کێشەی من بە شێوەیەکە کە ناتوانم بە هەموو کەسێکی بڵێم، بۆیە نەمتوانی کەسێک بەکرێ بگرم و پێی بڵێم بێتە ئێرە تاکو داوای یارمەتی تۆ بکات. بۆیە خۆم لە "براگ"ەوە بە تەنیا هاتووم تاکو داوای یارمەتی تۆ بکەم.

(هۆڵمز)یش چاوەکانی داخستەوە و گوتی: کەوایە فەرموو.

پیاوەکە دەستی بە قسە کردەوە و گوتی: پێنج ساڵ پێش ئێستا لە سەردانێکم بەرەو "وارسۆ" بە دیداری ئافرەتێک بە ناوی (ئایرین ئادلەر) شاد بووم، دڵنیام کە پێشووتر ئەم ناوەت بیستووە.

(هۆڵمز)یش گوتی: دکتۆر، تکایە لە تێنووسەکەمدا بە دوای ناوی ئەودا بگەڕێ.

"(هۆڵمز) بۆ ماوەی چەندین ساڵ پشتی بە سیستەمێکی پاراستنی زانیاری تایبەت بەستبوو کە تێیدا زانیاری دەربارەی تەواوی ئەو کەس و شوێن و شتانە نووسیبوو کە لە ڕێگادا چاوی پێکەوتبوون. بۆیە بە ئاسانترین شێوە دەیتوانی زانیاری دەربارەی هەموو کەسێک بە خێرایی فەراهەم بکات".

دواتر تێنووسەکەم بە (هۆڵمز) دا و گوتی: بەڵێ، ئەمەتا.

(ئایرین ئادلەر) لەدایک بووی ساڵی ١٨٥٨ز، گۆرانیبێژێکی ئۆپێرایە، لە ڕاستیدا بە تواناترین گۆرانیبێژی ئۆپێرای شاهانەی "وارسۆ"یە. ئێستا وازی لەو کارە هێناوە و لە "لەندەن" دەژیت. خاوەنشکۆ، وابزانم کاری نابەجێت لەگەڵ ئەم ئافرەتە کردووە و هەندێک نامەت بۆ ناردوون، ئێستاش دەتەوێت ئەو نامانە بگەڕێنیتەوە.

- ڕاست دەکەیت، بەڵام چۆن بتوانم ئەوە بکەم؟

- ئایا بە شێوەیەکی نهێنی هاوسەرگیریتان ئەنجام داوە؟

- نەخێر.

- ئایا هیچ تۆمارێکی فەرمی تۆی لایە؟

- نەخێر.

- لێت تێناگەم خاوەنشکۆ، ئەگەر ئەو نامانە بۆ مەبەستی هەڕەشەکردن بەکاربێنێت، ئەوا چۆن دەیسەلمێنێت کە ئەو نامانە ساختە نین؟

- لە ڕێگەی دەستوخەتی منەوە.

- قسەی پووچ، دەتوانرێت دەستوخەتی تۆ ساختە بکرێت.

- کاغەزەکان هی تێنووسی منن.

- دەتوانیت بڵێیت کە دزیویەتی.

- ئەی چی دەربارەی مۆرەکەم؟

- بڵێ ساختەی کردووە.

- ئەی وێنەکەم؟

- بڵێ وێنەی تۆی کڕیوە.

- بەڵام لەو وێنەیەدا من و ئەو پێکەوە بووین.

- ئای خوایە، ئەمە زۆر خراپە، بەڕاستی گەمژایەتییەکی گەورەت ئەنجام داوە.

- ئەو کاتە بەڕاستی شێت بووم.

- خۆت تووشی ئەوە کردووە کە ناوبانگت لەکەدار بدەیت.

- ئەو کاتە تەمەنم کەم بوو و تەنیا شازادەی جێنشین بووم، بەڵام ئێستا تەمەنم ٣٠ ساڵە.

- پێویستە ئەو نامانە بەدەست بهێنیتەوە.

- هەوڵی ئەوەمان دا، بەڵام سوودی نەبوو.

- کەوایە وێنەکەی لێ بکڕە.

- نایفرۆشێت.

- کەوایە بیدزە.

- پێنج جار هەوڵی ئەوەمان داوە، دزەکان دوو جار بە وردی ماڵی ئەویان پشکنی، بەڵام نەیاندۆزیەوە، جارێکیشیان کە ئەو گەشتی دەکرد، کەلوپەلەکانی ئەومان پشکنی، بەڵام دووبارە هیچمان نەدۆزیەوە. دوو جاریش ڕێگەمان لێ گرت، بەڵام هەر سوودی نەبوو.

- نەتدۆزیەوە؟

**- نەخێر.**

**- (هۆڵمز) بە پێکەنینەوە گوتی: بەڕاستی کێشەیەکی قشت و پووچە.**

**- بەڵام ئەمە بۆ من کێشەیەکی گەورەیە.**

**- بەڕاستی کێشەیەکی گەورەیە، ئەو ئافرەتە گەنجە دەیەوێت چی لەو وێنەیە بکات؟**

**- دەیەوێت لەناوم ببات.**

**- چۆن؟**

**- خەریکە هاوسەرگیری دەکەم.**

**- دەزانم، دەربارەی ئەوەم بیستووە.**

**- هاوسەرگیری لەگەڵ (کلۆتیلد لوثمان ڤۆن ساکس میننگن) دەکەم. کچی دووەمی پاشای "ئەسکەندەناڤیا"یە. دڵنیام کە ئاگاداری کەلتووری توندی ئەوانیت. هەروەها کچێکی زۆر ناسکە و ئەگەر دەربارەی ئەمە گومانم لێ بکات، ئەوا هاوسەرگیریم لەگەڵدا ناکات.**

**- ئەی چی دەربارەی (ئایرین ئادلەر)؟**

**- هەڕەشەی ئەوەی کردووە کە وێنەکان بۆ ئەو خانەوادەیە بنێرێت، دڵنیام کە دەشی نێرێت. خاوەن ویستێکی ئاسنینە، لە زۆربەی ئافرەتان جوانترە و لە زۆربەی پیاوانیش زیرەکترە، مادام هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی تردا دەکەم، ئەوا دڵنیام کە ناوبانگی من لەکەدار دەدات.**

- دڵنیایت کە هێشتا نەیناردووە؟

- بەڵێ، دڵنیام.

- چۆنە کە وا دڵنیایت؟

- چونکە گوتی کە ڕۆژی مارەییەکەمان دەینێرێت، واتا دوو شەممەی داهاتوو.

- (هۆڵمز) باوەشکی هات و گوتی: زۆر باشە، ئێستا پێویستە هەندێک کاری تر ئەنجام بدەم. خاوەنشکۆ، دڵنیام کە ئێستا لە لەندەن بۆ ماوەیەکی کاتی نیشتەجێبوویت، وایە؟

- بەڵێ، لە هوتێلی "لانگهام"م بە ناوی (ڤۆن کرام).

- دواتر نامەیەکت بۆ دەنێرم کە تێیدا باسی ڕووداوەکانت بۆ دەکەم.

- بەمە خۆشحاڵم، چونکە ئەگەر وا نەکەیت، ئەوا زۆر نیگەران دەبم.

- باشە، ئەی چی دەربارەی پارەی تەرخانکراو؟

- چەندی ویستت سەرفی بکە.

- واتا سنوورێکی بۆ نییە؟

- دڵنیات دەکەمەوە کە تەنانەت ئامادەم یەکێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتم ببەخشم بۆ ئەوەی ئەو وێنەیە بەدەست بهێنمەوە.

- دواتر پیاوەکە لە ژێر پاڵتۆ گەورەکەی جانتایەکی گەورەی دەرهێنا و لەسەر مێزەکەی دانا و گوتی: ئەم جانتایە ٣٠٠ دراوی جونەیهی زێرین و ٧٠٠ جونەیهی دراوی کاغەزی تێدایە.

- (هۆڵمز) وەسڵێکی لە تێنووسەکەی دەرهێنا و دای بە خاوەنشکۆ و دواتر پرسی: ئەو خاتوونە ئێستا لە کوێیە؟

- لە ماڵێکە بە ناوی "بریونی"، لەسەر ڕێگای "سیربنتاین"ە.

- دواتر (هۆڵمز) ناونیشانی ئەوی نووسی و کۆتا پرسیاری لێ کرد: خاوەنشکۆ، ئایا وێنەکە قەبارەیەکی بچووکی هەبوو؟ یان گەورە بوو؟

- لە ڕاستیدا بە ڕاددەیەک گەورەیە کە دەتوانرێت لەسەر دیوار هەڵواسرێت.

- زۆر باشە، بە هیوای شەوێکی شاد، دڵنیام کە بەمزووانە هەواڵێکی خۆشت بۆ دێنین.

- دواتر بە منیشی گوت: شەوی تۆش شاد (واتسن).

- دوای ئەوەی کە خاوەنشکۆ بە گالیسکەکەیەوە ڕۆیشت، بە منی گوت: ئەگەر مایەی زەحمەت نییە، ئەوا سبەی کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ وەرە ئێرە تاکو لەسەر ئەم دۆسیە سادەیە بدوێین.

بۆ ڕۆژی دواتر کاتژمێر سێ لە بەردەم ماڵی (هۆڵمز) ئامادە بووم، بەڵام ئەو هێشتا نەگەڕابۆوە، خاوەنی ماڵەکە پێی گوتم کە ئەو لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە چۆتە دەرەوە و هێشتا نەگەڕاوەتەوە. منی بۆ ژوورەوە ڕێنوێنی کرد و بڕیارم دا کە چاوەڕێی بکەم. ئەم دۆسیەیە بە تەواوی سەرنجی منی ڕاکێشابوو، ڕاستە کە وەکو دوو دۆسیەکەی ڕابردوو کە تۆمارم کردن غەمبار و ناڕوون نەبوو، بەڵام خودی کەسی داواکەر کە خاوەن پێگەیەکی شاهانەییە جێی سەرنج بوو، بۆیە ئەمە دۆسیەیەکی زۆر تایبەت بوو. هەروەها هەمیشە چێژم لە شێوازی کارکردنی (هۆڵمز) دەبینی بەوەی کە هەمیشە بە خێراترین شێواز دەیتوانی دۆسیە زۆر ئاڵۆزەکان چارەسەر بکات، هەرگیز بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە لە چارەسەرکردنی یەکێک لە دۆسیەکان شکست بێنێت. کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ بوو کە کەسێکم بینی وەکو سەرخۆش وابوو و هاتە ژوورەوە، پۆشاکێکی پیسی لەبەردابوو و ڕووخساری سوور داهەڵگەڕابوو و قژێکی ئاڵۆزی هەبوو، بەوەی کە شارەزای ڕەفتارەکانی (هۆڵمز) بووم و دەمزانی کە لە شاردنەوەی ناسنامەی خۆی چەندە شارەزایە، ئەوا دەمزانی کە خۆیەتی، بەڵام با ڕاستگۆبم، سێ جار لێی ورد بوومەوە و ئینجا بەڕاستی زانیم کە خۆیەتی. دواتر ڕۆیشتە پشتەوە و جلکەکانی گۆڕی و خۆی پاک کردەوە و هاتە دەرەوە، دواتر دەستی بە پێکەنین کرد و گوتی: زۆر باشە، بەڕاستی زۆر باشە. دواتر دووبارە دەستی بە پێکەنین کردەوە و لەسەر کورسیەکەی بە ماندوویی دانیشت.

منیش ئەمەم لاسەیر بوو و لێم پرسی: چی بووە؟

- دڵنیام کە نازانیت لەم بەیانییەوە تاکو ئێستا چیم کردووە.

- دڵنیا نیم کە چیت کردووە، بەڵام وابزانم پەیوەندی بە چاودێریکردنی ماڵی خاتوو (ئایرین ئادلەر)ەوە بووە.

- ڕاست دەکەیت، بەڵام ئەنجامەکە بە تەواوی پێچەوانە بۆوە، بەهەرحاڵ با بۆتی باس بکەم. ئەمڕۆ بەیانی کاتژمێر ٨ لەسەر شێوەی مەیتەرێک چوومە دەرەوە کە بە دوای کاردا دەگەڕێت، ئەوانەی لەم بوارەدان پەیوەندییەکی تۆکمە لە نێوان خۆیاندا دروست دەکەن، بۆیە بەم شێوەیە هەر زانیارییەکت بوێت، ئەوا دەتوانیت بەدەستی بهێنیت. دواتر ماڵی "بریونی"م بە ئاسانی دۆزیەوە. ماڵێکی بچووکە کە لە دواوە باغێکی بچووکی هەیە، دوو نهۆمی گەورەش لە پێشەوە لەسەر ڕێگا دروستکراون، دەرگایەکەی قوفڵێکی گەورەی لەسەرە و بەشی ڕاستی خانووەکە ژوورێکی پان و بەرینی ڕێکی لێیە کە دەرگایەکانیان بریتین لە قوفڵی ئینگلیزی پووچ کە تەنانەت منداڵێکیش دەتوانێت ئەو قوفڵە بە ئاسانی لێ بکاتەوە. باغی دواوەشی شتێکی وای لێ نەبوو، تاکە شتێک کە جێی سەرنج بوو ئەوە بوو کە لە بەشی پشتەوەی خانووەکە پەنجەرەیەکی لێیە کە لە ڕێیەوە دەتوانیت بچیتە ژوورەوە، دواتر ئەوێم بە وردی پشکنی و هیچی وام نەدۆزیەوە. دواتر بە درێژایی شەقامەکەدا

ڕۆیشتم و بینیم کە تەوێلەیەکی لێیە. بۆیە ڕۆیشتمە ئەوێ و یارمەتی مەیتەرەکانم دا تاکو ئەسپەکان خاوێن بکەنەوە. لە بەرامبەر ئەو کارەدا دوو پەنس و قوتوویەک لە تووتنی وشک و زانیارییەکی زۆرم لەسەر (ئایرین ئادلەر) دەستکەوت، سەرەڕای زانیاری لەسەر نیوەی دانیشتووانی ئەو ماڵە کە بە لامەوە گرنگ نەبوو.

- ئەی چی دەربارەی (ئایرین ئادلەر)؟

- ئەو ئافرەتە دڵی تەواوی پیاوانی شاری داگیر کردووە، وادیارە کە بە جوانترین ئافرەتی شار دانراوە و ڕۆژانە لە چەندین شوێن گۆرانی دەڵێت. ڕۆژانە کاتژمێر پێنج دەچێتە دەرەوە و کاتژمێر حەوتیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نانی ئێوارە بخوات. پیاوان سەردانی ناکەن، جگە لە پیاوێک کە ڕۆژی بە لایەنی کەمەوە دوو جار سەردانی دەکات. پیاوێکی قۆزی ئەسمەرە بە ناوی (گۆدفری نۆرتن) کە دانیشتووی "ئینەرتێمبڵ"ە. ئێستا لە گرنگی ئەوە تێگەیشتیت کە چەندە گرنگە هاوڕێیەتی شۆفێرانی گالیسکە بکەیت؟

ئەوان بۆ چەندین جار ئەویان لە تەوێلەکانی "سیربنتاین"ەوە گواستۆتەوە، بۆیە هەموو شتێکی لەسەر دەزانن. دواتر لەوێ ڕۆیشتم و بەرەو "بریونی" ڕۆیشتم و پلانم دادەڕشت.

(هۆڵمز) بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو و دواتر دەستی بە قسە کردەوە و گوتی: دیارە کە ئەو پیاوە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، ئەو پارێزەرە، بۆیە ئەمە نیشانەیەکی خراپە. ئایا چ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە هەیە؟ ئایا ئەو ئافرەتە مەعمیلی ئەوە؟ یان هاوڕێیەتی؟ ئەگەر پارێزەری بێت، ئەوا لەوانەیە ئەو ئافرەتە وێنەکەی بەو دابێت، ئەگەر هاوڕێشی بێت، ئەوا ئەم ئەگەرە لاوازە. وەڵامی ڕاستەقینە ئەو کاتە دەردەکەوێت کە ئایا سەرنجم دەخەمە سەر ماڵی "بریونی" یان ماڵی (نۆرتن) لە "ئینەرتێمبڵ". ببورە کە بەم وردەکارییانە بێزارم کردیت، بەڵام ویستم تێبگەیت کە ئەم کارە چەندە ئاڵۆز و قورسە.

منیش گوتم: زۆر بە وردییەوە سەرنجم لەسەر قسەکانی تۆیە.

دواتر (هۆڵمز) دەستی بە قسەکردن کردەوە و گوتی: هێشتا ئەو شتانەی کە بینیمن لە مێشکی خۆمدا لێکم دەدانەوە کە لەپڕ گالیسکەیەکم بینی بەرەو ماڵی "بریونی" دەڕۆیشت. دواتر کەسێکم بینی کە لە گالیسکەکە دابەزی، دیار بوو کە خانەدان بوو، کەسێکی قۆز و ئەسمەر بوو، ئاشکرابوو کە ئەو پارێزەرەیە کە دەربارەییم بیستبوو. دوای ئەوەی دابەزی بە دەنگێکی بەرزەوە فەرمانی بە شۆفێری گالیسکەکە کرد کە چاوەڕێی بکات و دواتر لە دەرگای دا، خزمەتکارێکی ئەو ماڵە دەرگایەکەی کردەوە و پیاوەکە بێ ئەوەی سڵاوی لێ بکات بە پەنایدا ڕۆیشت، ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئەو زوو زوو دەچێت بۆ ئەوێ. لە ڕێگەی پەنجەرەیەکەوە سەیرم کرد و بینیم کە بە شێوەیەکی شپرزانە بە ژوورەکەدا دەڕۆیشت و قسەی دەکرد، ئاشکرا بوو کە قسە لەگەڵ ئەو ئافرەتە دەکات (مەبەستی "ئایرین ئادلەر"ە). بۆ ماوەی نیو کاتژمێر هەر لەوێ بوو و دواتر بە شێوەیەک هاتە

دەرەوە کە دیاربوو لە جاران شپرزەترە. دواتر ڕۆیشتەوە ناو گالیسکەکە و سەیری کاتژمێرە زێڕینەکەی کرد و بە شۆفێرەکەی گوت: بە خێرایی گالیسکەکە لێخوڕە! سەرەتا دەبێت بچین بۆ دوکانی "گرۆس و هانکی" لە شەقامی "ڕێجنت". دواتریش دەچین بۆ کڵێسای "سانت مۆنیکا" لە شەقامی "ئێدگویر". ئەگەر لە ماوەی ٢٠ خولەکدا بتوانیت بۆ ئەم دوو شوێنەم بەریت، ئەوا نیو جونەیهت پێ دەدەم.

دواتر گالیسکەکە بەڕێ کەوت و منیش بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا پێویستە بە دوای بکەوم یان نا. لە کاتێکدا بیرم لەوە دەکردەوە، ئەوا گالیسکەیەکی تر کە دەتوانرا جووڵە بە سەقفەکەی بکرێت بەرەو ماڵی "بریونی" هات. تاکە تایبەتمەندییەک کە ئەو شۆفێرە هەیبوو، ئەوە بوو کە ملپێچێکی تاکو بن گوێیەکانی بەست بوو. دوای ئەوەی گالیسکەکە لە بەردەم ماڵەکە وەستا، ئافرەتێک زۆر بە خێرایی لە ماڵەکە هاتە دەرەوە و ڕۆیشتە ناو گالیسکەکە، تەنیا بۆ چرکە ساتێک توانیم ئەو ببینم، ئافرەتێکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش بوو، وای لە پیاو دەکرد کە خۆی لە پێناودا بکاتە قوربانی. دواتر ئافرەتەکە بە شۆفێرەکەی گوت: (جۆن)، پێویستە بڕۆین بۆ کڵێسای "سانت مۆنیکا"، ئەگەر لە ماوەی ٢٠ خولەکدا بتوانیت بۆ ئەوێم ببەیت، ئەوا نیو جونەیهت پێ دەدەم. دواتر بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا دەبێت بە دوای ئەو گالیسکەیە بکەوم یاخود بچمە ناو ماڵەکە، دواتر بڕیاری خۆم دا و گالیسکەیەکم بینی کە بەرەو من دەهات، شۆفێرەکە نیگەران بوو لەوەی کەسێک هەڵگرێت کە ئاوا جلوبەرگێکی شڕی لەبەردایە (مەبەستی خۆیەتی). بەڵام زۆر بە خێرایی ڕۆیشتمە ناو گالیسکەکە و بە شۆفێرەکەم گوت کە پێویستە لە ماوەی ٢٠ خولەکدا بمبات بۆ کڵێسای "سانت مۆنیکا"!

گوتم ئەگەر ئەم کارەم بۆ بکەیت، ئەوا نیو جونەیهی زێڕینت پێ دەدەم. گالیسکەکە زۆر بە خێرایی لێی خوڕی، لە ڕاستیدا ئەوە یەکەم جارم بوو کە سواری گالیسکەیەک ببم کە ئاوا خێرا بێت، بەهەرحاڵ لە ماوەی ٢٥ خولەکدا گەیشتینە ئەوێ و بینیم کە پیاو و ئافرەتەکە پێش من گەیشتوونە کڵێسا، گالیسکە و ئەسپە ماندووەکانیان لە بەردەمی کڵێسا بوون.

چوومە ناو کڵێسایەکە و پیاو و ئافرەتەکەم لەگەڵ قەشەیەک بینی کە دیاربوو مشتومڕی لەگەڵ ئەوان دەکرد، بە شێوەیەکی ئاسایی نزیک بوومەوە و دواتر لەپڕ هەرسێکیان ڕوویان کردە من و (گۆدفری نۆرتن) زۆر بە خێرایی بەرەو لای من هات و گوتی: سوپاس بۆ خوا، تۆ کێشەت نابێت، وەرە.

منیش گوتم: کێشە چییە؟!

- وەرە، ئەگینا ئەمە یاسایی نابێت.

- دواتر پیاوەکە منی بەرەو لای قەشە و ئافرەتەکە برد. چەندین شتی بە گوێیدا چرپاندم و منیش لەدوو ئەوم دەگوتەوە، بە کورتی من بووم بە شاهیدی هاوسەرگیری (ئایرین ئادلەر)

و (گۆدفری نۆرتن). هەموو شتێک لە ماوەی چەند خولەکێکدا کۆتایی پێهات و دواتر پیاو و ئافرەتەکە سوپاسیان کردم و قەشەکەش بە خەندەوە سەیری منی دەکرد. ئەوە یەکێک لە سەیرترین ڕووداوەکانی ژیانم بوو، هاوسەرگیری ئەوان تۆزێک نوقسان بوو بەوەی کە شاهیدیان بۆ هاوسەرگیرییەکەیان نەبوو و قەشەکەش ڕەتی دەکردەوە کە بە بێ بوونی شاهید ئەوان مارە بکات، بەهەرحاڵ کە کۆتایی بەم باسە هات، ئەوا ئافرەتەکە یەک جونەیهی زێڕینی پێدام کە وەکو یادگارییەک لای خۆم دەیهێڵمەوە.

- بەڕاستی ڕووداوەکان پێشبینی نەکراو بوون، ئەی ئێستا چی ڕوو دەدات؟

- ئەمە هەڕەشە لە پلانەکانم دەکات، چونکە ئەوان لەوانەیە بەمزووانە ڕاکەن، بۆیە پێویستە خێرا ڕێگە چارەیەک بدۆزمەوە.

بەهەرحاڵ ئەوان دوای هاوسەرگیرییەکە لە کڵێسایەکە چوونە دەرەوە و هەردووکیان بە دوو ڕێگای جیاوازدا ڕۆیشتن، پیاوەکە بەرەو "ئینەرتەمپڵ" ڕۆیشت و ئافرەتەکەش بەرەو ماڵ گەڕایەوە، پێش ئەوەی بڕوات، ئەوا ئافرەتەکە بە پیاوەکەی گوت: وەکو هەمیشە لە کاتژمێر پێنجدا پیاسە دەکەم. دواتر هیچی ترم نەبیست و منیش گەڕامەوە تاکو دەست بە جێبەجێکارییەکان بکەم.

- جێبەجێکارییەکان چین؟

لە کاتێکدا ئەمەم پرسی گوتی: تکایە هەندێک گۆشت و شیرمان بۆ بێنە (مەبەستی خاوەنی ماڵەکەیە). کاتی نانخواردن بوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کەوتبوومە نوقمی ئەو ڕووداوانەوە، ئەوا خواردنم بە تەواوی لەبیر کردبوو. دواتر (هۆڵمز) دەستی بە قسەکردن کردەوە و گوتی: دکتۆر، پێویستم بە یارمەتی تۆ دەبێت.

- خۆشحاڵم دەبم ئەگەر بتوانم یارمەتیت بدەم.

- کێشەت نابێت ئەگەر سەرپێچی یاسا بکەیت؟

- نەخێر.

- ئەی کێشەت نابێت ئەگەر لە لایان پۆلیسەوە قۆڵبەست بکرێیت؟

- ئەگەر هۆکارێکی باشی هەبێت، ئەوا نەخێر.

- هۆکارەکەی زۆر باشە.

- کەوایە لە خزمەتت دام.

- دەمزانی کە دەتوانم پشت بە تۆ ببەستم.

- بەڵام دەتەوێت چی بکەیت؟

- هەرچەندە خاتوو (تێرنەر) تازە خواردنەکەی هێناوە، ئەوا ناچارم لە کاتی نانخواردندا بۆتی باس بکەم، چونکە کاتمان کەمە. وەکو دەبینیت کە ئێستا کاتژمێر پێنجە، ئەو ئافرەتەش (مەبەستی "ئایرین ئادڵەر"ە) کاتژمێر حەوت لە پیاسەکەی دەگەڕێتەوە، واتا دوو کاتژمێرمان لەبەر دەستدایە تاکو بچینە ئەوێ و لە کاتی گەڕانەوەدا پێشوازی لێ بکەین.

- دواتر؟

- هەموو شتێکم ئامادە کردووە، بەڵام پێویستە داوای شتێکت لێ بکەم، هەرچی ڕوویدا نابێت خۆتی تێوە بگلێنیت. لەوانەیە هەندێک پشێوی ڕووبدات و بچمە ناو خانووەکە، دوای چوار یان پێنج خولەک پەنجەرەی ژووری میوانەکان دەکرێتەوە، کاری تۆ ئەوەیە کە لەو کاتەدا لای پەنجەرە کراوەکە بیت.

- ئەی دواتر؟

- ئەو کاتە دێمە ناو مەودای بینینت و ئاماژەت پێ دەدەم کە ئەو شتە فڕێ بدەیتە ناوەوەی ژوورەکە کە ئێستا من بە تۆی دەدەم، لە هەمان کاتیشدا پێویستە ئاگاداری ئاگرکەوتنەوە بڵاوبکەیتەوە، تێگەیشتیت؟

- بەڵێ.

دواتر بۆڕیەکی درێژی داپێچراوی دەرهێنا و گوتی: نیگەران مەبە، ئەمە تەنیا کاری ئەوەیە دووکەڵێکی زۆر دروست بکات، دوو سەری بۆ دروستکراوە تاکو بۆ خۆی ئاگرەکەی پێبێت و دووکەڵێکی زۆر دروست بکات. ئەرکی تۆ ئەوەیە کە ئەو کاتەی ئاماژەت پێ دەدەم ئەم شتە فڕێ بدەیتە ناوەوە و دواتر ئاگاداری ئاگرکەوتنەوە بڵاو بکەیتەوە، دوای ئەمە خەڵکەکە لە ترسان دەچێتە دەرەوە و ماڵە جێدێڵن، دواتر تۆش بڕۆ و لە کۆتایی شەقامەکە چاوەڕێم بکە، دوای ١٠ خولەک لەو ڕووداوانە دێمەوە لات. هیوادارم بە جوانی بۆم ڕوونکردبیتەوە.

- بە پێی ئاماژەی تۆ پێویستە ئەم شتە فڕێ بدەمە ناوەوە و بە خەڵکەکە بڵێم کە ئاگر کەوتۆتەوە. دواتر بڕۆم و لە کۆتایی شەقامەکە چاوەڕێت بکەم.

- بەڵێ.

- زۆر باشە، کەوایە دەتوانیت پشتم پێ ببەستیت.

- زۆر باشە، کەوایە ئێستا کاتی ئەوەیە کە ئامادەکاری بۆ ڕۆڵی تازەی خۆم بکەم.

دواتر (هۆڵمز) ڕۆیشتە ژووری نوستنی و جلەکانی خۆی گۆڕی، کە هاتە دەرەوە خۆی خستە سەر شێوەی قەشەیەکی ساویلکەی میهرەبان. پانتۆڵێکی شڕی لەبەردابوو و ملەوانێکی سپی لە ملی کردبوو و کڵاوێکی ڕەشی پانی لەسەر بوو. ڕووخساری خاوەن خەندەیەکی ئارام و جوان بوو، ئەوەی دەربارەی (هۆڵمز) جێی سەرنجە ئەوەیە کە هەرکاتێک ڕۆڵێک دەنوێنێت، ئەوا بە تەواوی تێیدا قووڵ دەبێتەوە و بەرجەستەی خودی ڕۆڵەکە دەبێت. بەڕاستی تەختەی شانۆ لە نەبوونی کەسێکی لەم شێوەیەی زەرەدمەندە.

دواتر ڕۆیشتین و گەیشتینە شەقامی "سیربنتاین". هێشتا ١٠ خولەکمان بۆ کارەکە مابوو. دواتر ئێوارەدا هات و گڵۆپی شەقامەکانیان پێکرد. لە بەردەم ماڵی "بریونی" چاوەڕێی هاتنەوەی ئەومان دەکرد، کە ماڵەکەم بینی، ئەوا زوو زانیم کە خۆیەتی، چونکە (هۆڵمز) بە وردی باسی ماڵەکەی کردبوو. سەبارەت بە شەقامەکەش، بە پێچەوانەی بۆچوونی خۆمەوە زۆر قەرەباڵغ بوو، وامزانی ئەو شەقامە جموجووڵی کەمە بەوەی کە شەقامێکی بچووکە، بەڵام چەند پیاوێکم لەسەر سیلەی شەقامەکە بینی کە جگەرەیان دەکێشا و پێدەکەنین، یەکێکیشم بینی کە تایەی گالیسکەیەکی پێبوو و چەند گەنجێکی جوان پۆشیشم بینی کە لەوێ پیاسەیان دەکرد. دواتر (هۆڵمز) دەستی بە قسە کرد و گوتی: ئەو زەماوەندییە چەکێکی دوو سەرە، چونکە مادام ئێستا ئەو دووانە هاوسەرگیرییان کردووە، ئەوا لەوانەیە ئەو ئافرەتە نەیەوێت (گۆدفری نۆرتن)ی مێردی ئەو وێنەیە ببینێت، وەکو چۆن کە مەعمیلی ئێمە نایەوێت شازادەکەی ئەو وێنەیە ببینێت. ئایا ئێستا دەبێت ئەو وێنەیە لە کوێ بێت؟

- ڕاست دەکەیت، دەبێت لە کوێ بێت؟

- دیارە کە خۆی هەڵی نەگرتووە، چونکە قەبارەی وێنەکە گەورەیە، هەروەها ناشتوانێت وێنەکە لە جلوبەرگی خۆیدا بشارێتەوە بەوەی کە دوو جار ڕێی لێ گرتووە و ئەوی پشکنیوە. کەوایە دەتوانین بڵێین کە ئێستا لای خۆی نییە.

- ئەی کەوایە لە کوێیە؟

- لەوانەیە لای ئەو بانکە بێت کە بۆی دەچێت، یان لەوانەیە لای پارێزەرەکەی بێت. بەڵام من بڕوایەکی ترم هەیە، بڕوام وایە کە لای هیچ لەو دووانەی دانەناوە، چونکە وەکو خۆت ئاگاداریت کە ئافرەتان تۆزێک دوورە پەرێزن و حەز دەکەن کارەکانیان بە نهێنی ئەنجام بدەن، هەروەها ئەو وێنەیە بۆچی بە کەسێکی تر دەدات؟ مادام دەشی هەوێت لە ماوەی ئەم

چەند ڕۆژەدا بەکاری بهێنێت، ئەوا دڵنیام لە شوێنێکی داناوە کە بتوانێت زوو دەستی پێ بگات. دڵنیام کە لە ماڵی خۆی شاردوویەتییەوە.

- بەڵام دوو جار دزەکان چوونە سەر ماڵی ئەو و نەیاندۆزیوەتەوە.

- قسەی پووچ! ئەوان نەیانزانیوە کە چۆن بە دوایدا بگەڕێن.

- ئەی چۆن تۆ بە دوایدا دەگەڕێیت؟

- بە دوایدا ناگەڕێم.

- کەوایە چی دەکەیت؟

- وای لێ دەکەم کە ڕێنوێنیم بکات.

- بەڵام ئەو ڕەتی دەکاتەوە.

- ناتوانێت ڕەتی بکاتەوە، دیارە ئەمە گالیسکەکەی ئەوە، ئێستا بە وردی فەرمانەکانم جێبەجێ بکە.

دواتر گالیسکەکە گەیشتە بەردەم ماڵی "بریونی" و یەکێک لە سواڵکەرەکانی ئەو ناوچەیە ڕۆیشتە بەردەم گالیسکەکە تاکو دەرگای گالیسکەکە بۆ خاتوونەکە لێ بکاتەوە تاکو هەندێک پارەی پێ بدات، بەڵام سواڵکەرێکی تر هات و پاڵی بە سواڵکەرەکەی ترەوە نا، دواتر بوو بە شەڕیان. دوو پاسەوان کە لەوێ بوون چوونە لایان تاکو شەڕەکە بوەستێنن، بەڵام ئەمە بارودۆخەکەی خراپتر کرد.

لەپڕ خاتوونەکە خۆی لەناو کۆمەڵە پیاوێک بینی کە زۆر بە توندی شەڕ لەگەڵ یەکتریدا دەکەن. (هۆڵمز) ڕایکرد بۆ ئەوەی یارمەتی خاتوونەکە بدات، بەڵام دواتر هاواری کرد و خوێنی لێ ڕژا و بەسەر زەویدا کەوت. کاتێک پاسەوان و سواڵکەرەکان (هۆڵمز)یان بینی کە ئاوای بەسەرهات، ئەوا ڕایان کرد. خەڵکەکەش بێ ئەوەی یارمەتی ئەو بدەن، تەنیا سەیری جەستەی برینداری ئەویان دەکرد. دواتر ڕووناکی شەقامەکە ڕۆشەنتر بوو و خاتوو (ئایرین) ڕۆیشتە ماڵەوە و بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوت و ئاوڕی دایەوە و گوتی: ئایا ئەو پیاوە داماوە بریندار بووە؟

یەکێک لەوانەی لەوێ بوو هاواری کرد و گوتی: مردووە!

یەکێکی تریش گوتی: نەمردووە، بەڵام ئەگەر ئێستا نەیبەین بۆ نەخۆشخانە، ئەوا دەمرێت!

ئافرەتێک کە لەوێ بوو گوتی: بەڕاستی پیاوێکی بوێرە، ویستی یارمەتی ئەو ئافرەتە بدات تاکو ئەو دەستە مافیایە خراپەکارانە دزی لێ نەکەن... بەڕاستی دەستەیەکی خراپن!

یەکێکی تریش گوتی: نابێت بەم شێوەیە لەسەر شەقامەکە بێت. دواتر لە خاتوونەکەی پرسی (مەبەستی "ئایرین ئادلەر"ە) کە ئایا دەتوانن ئەو پیاوە برینداره ببەنە ژوورەوە؟

خاتوو (ئایرین)یش گوتی: بە دڵنیاییەوە، بیبەنە ژووری میوانەکان، بە هێمنی لەسەر ئەو قەنەفەیەی دانێن.

- دوای ئەو ڕووداوانە سەیری ناوەوەی ماڵەکەم کرد، ڕووناکییەکانی ژوورەوە داگیرسابوون، بەڵام پەردەکانیان لادابوون، بۆیە توانیم (هۆڵمز) ببینم کە لەسەر قەنەفەکەیە. کاتێک ڕووخساری جوان و میهرەبانی ئەو ئافرەتەم بینی، هەستم بە شەرمەزاری کرد بەوەی کە لە دژی بوونەوەرێکی ئاوا جوان پیلان دەگێرم، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە بینیم چەندە بە شێوازێکی جوان ڕەفتار لەگەڵ (هۆڵمز)ی بریندار دەکات.

بەڵام نەمدەتوانی بکشێمەوە بەوەی ئەگەر وابکەم، ئەوا خیانەتێکی مەزن لە (هۆڵمز) دەکەم، بۆیە دانم بە خۆمدا گرت و گوتم: ئێمە ئازاری نادەین، تەنیا ڕێگری لێ دەکەین تاکو کەسێکی تر ئازار نەدات.

دواتر (هۆڵمز)م بینی کە وای خۆ دەواند خەریکە دەخنکێت، بۆیە خزمەتکاری ماڵەکە بەپەلە پەنجەرەکەی کردەوە و (هۆڵمز)یش ئاماژەی پێ کردم کە کارەکە بکەم. منیش بۆڕی دووکەڵەکەم فڕێدا و بە هاوارەوە گوتم: ئاگر! ئاگر!

هێشتا وشەی "ئاگر"م تەواو نەکردبوو کە تەواوی خەڵک لە دەورم کۆبوونەوە، ئەوانیش دەستیان بە هاوار کرد و گوتیان: ئاگر!

دووکەڵەکە لەناو ژوورەکەدا زۆر بەربڵاو بوو و دواتر بە پەنجەرەکەدا دووکەڵە دەهاتە دەرەوە. دوای خولەکێک گوێم لە دەنگی (هۆڵمز) بوو کە بە خەڵکەکەی دەگوت ئەوە

**ئاگادارییەکی ساختە بووە و هیچ ئاگرێک بوونی نییە. دواتر بەناو خەڵکە شپرزەکەدا ڕۆیشتم و لە کۆتایی شەقامەکە بۆ ماوەی ١٠ خولەک چاوەڕێی ئەوم کرد. دوای ١٠ خولەکەکە هاتەوە و دەستی لەسەر شانم دانا و گوتی با بڕۆین.**

**بۆ ماوەی چەند خولەکێک بە بێدەنگی بە ڕێگادا ڕۆیشتین و گەیشتینە یەکێک لە شەقامە هێمنەکان کە بەرەو ڕێگای "ئێدگویر" دەڕوات.**

**دواتر (هۆڵمز) دەستی بە قسە کرد و گوتی: بەڕاستی کارێکی ناوازەت کرد دکتۆر، کاری خۆت بە سەرکەوتوویی بەجێهێنا.**

**- ئایا وێنەکەت لایە؟**

**- نەخێر، بەڵام دەزانم لە کوێیە.**

**- چۆنت زانی؟**

**- ئەو ڕێنوێنی کردم، وەکو پێم گوتیت.**

**- هێشتا لام ڕوون نییە.**

**- ئەمە مەتەڵ نییە، لە ڕاستیدا ئەمە بابەتێکی زۆر سادەیە، دڵنیام کە دەزانیت ئەو ڕووداوەی ڕوویدا پلانی من بووە و ئەو خەڵکەم بەکرێ گرتبوو.**

**- بەڵێ، دەزانم.**

**- ئەو شەڕەش هەر من ڕێکم خستبوو، تۆزێک بۆیاغم خستە سەر دەستم و دواتر کە ڕام کرد، خۆم بەردایەوە و کەوتمە سەر ئەو دەستەی کە بۆیاغەکەی لەسەرە، بۆیە وەکو کەسێکی بریندار دەرکەوتم، فێڵێکی کۆنە.**

- ئەوەش دەزانم.

- دواتر منیان بردە ژوورەوە بەوەی کە ئافرەتەکە ڕێگەی بەو کارە دا، لەوە زیاتر هیچی تری پێنەدەکرا، وایە؟ ئیتر منیان بردە ژووری میوانەکان، ئەو ژوورەی کە گومانی ئەوەم لێ بوو وێنەکەی لێبێت، هەروەها گومانم لە ژووری نوستنەکەشی بوو. دواتر منیان لەسەر قەنەفەکە دانا و وا خۆم دەرخست کە خەریکە دەخنکێم، بۆیە پەنجەرەکەیان کردەوە و منیش ئاماژەکەم بە تۆ دا.

- ئەم کارە چۆن یارمەتی تۆی دا؟

- کارێکی زۆر گرنگ بوو، چونکە کاتێک ماڵێک دەسووتێت، ئەوا ئافرەتی خاوەن ماڵەکە بە خێرایی پڕ دەداتە گرنگترین شت کە هەیەتی، لە ڕابردوودا چەندین جار ئەمەم بینیوە و سوودم لێ بینیوە. لە دۆسیەی "دارلنگتۆن" و قەڵای "ئارنسۆرث" سوودێکی زۆرم لەم فێڵە بینی. یەکێک لە ئافرەتەکان کە هاوسەرگیری کردبوو پڕی دایە منداڵەکەی تاکو بیپارێزێت، ئەوی تریش کە هاوسەرگیری نەکردبوو پڕی دایە سندوقی خشڵ و زێڕەکانی. ئەم ئافرەتەش پڕی دایە گرنگترین شت کە هەیەتی، ئەویش ئەو وێنەیە کە ئێمە بە دوایدا دەگەڕێین.

پرۆسەی دووکەڵەکە زۆر بە باشی بەڕێوە چوو، ئەو هەموو هاوار و دووکەڵە وایکرد کە شپرزە بێت، بۆیە ڕاستەوخۆ ڕۆیشتە لای تابلۆیەک کە لەسەر دیوارێک هەڵواسرابوو، لە پشت خودی وێنەی تابلۆیەکە وێنەیەکی تر شاردرابۆوە، دەری هێنا و ویستی بڕوات، بەڵام کاتێک گوێی لەوە بووە کە هیچ ئاگرێک بوونی نییە، ئەوا خستیەوە شوێنی خۆی، دواتر سەیری بۆڕی دووکەڵەکەی کرد و لە ژوورەکە ڕۆیشتە دەرەوە. لەو کاتەوە نەمبینی. ئیتر منیش هەستام و داوای لێبووردنم کرد، بەڵام پێش ئەوەی بڕۆم ویستم وێنەکە ببەم، بەڵام لەو ساتەدا شۆفێری گالیسکەکە هات و چاودێری منی کرد، بۆیە بۆم نەگونجا کە وێنەکە ببەم، ئیتر منیش ڕۆیشتم و بڕیارم دا کە سەرکێشی نەکەم.

- کەوایە پلانی داهاتوومان چییە؟

- بە گشتی زۆربەی ئەو هەنگاوانەمان کۆتایی پێهێنا کە گرنگن بۆ تەواوکردنی دۆسیەکە. ئێستا هەر ئەوە ماوە کە من و دوق بچین بۆ ئەو ماڵە، ئەگەر حەز دەکەیت، ئەوا تۆش دەتوانیت بێیت. کە گەیشتینە ئەوێ، ئەوا دەڵێین چاوەڕێی ئەو ئافرەتە دەکەین، بۆیە

دەمانکەنە ژوورەوە. بەڵام تاکو ئەو دەگەڕێتەوە، ئەوا ئێمە بە وێنەکەوە لەو شوێنە دەڕۆین و چیتر ئێمە نابینێتەوە.

- کەی دەڕۆن؟

- کاتژمێر هەشتی بەیانی، ئەمە مەجالێکمان بۆ دەرەخسێنێت، چونکە تاکو ئەو کاتە لە خەو هەڵناستێت. ئەم هاوسەرگیرییەش هەڕەشەیەکی گەورەیە، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە تەواوی خوو و ژیانی بگۆڕێت، بۆیە هەر ئێستا پێویستە نامەیەک بۆ دوق بنێرم.

- ئیتر دواتر گەیشتینەوە ماڵی (هۆڵمز)، لە بەردەم دەرگایەکە وەستابووین و (هۆڵمز) لە کلیلەکەی دەگەڕا کاتێک یەکێک لە پیادەکان گوتی: شەوشاد بەڕێز (شێرلۆک هۆڵمز).

لەو کاتەدا کەسانێکی زۆر لە شەقامەکە بوون، بەڵام دیاربوو کە ئەوەی سڵاوی کرد کوڕێکی کز بوو کە پاڵتۆیەکی ڕەشی لەبەردابوو.

(هۆڵمز) کە گوێی لەوە بوو گوتی: پێشووتر ئەم دەنگەم بیستووە، دەبێت کێ بێت؟

ئەو شەوە لە ماڵی (هۆڵمز) خەوتم، بۆ بەیانییەکەی هەستاین و قاوەمان لەگەڵ نان خواردەوە، دواتر پاشای "بوهیمیا" هاتە ژوورەوە و زۆر بەجۆشەوە لە "هۆڵمز"ی پرسی: بەڕاستی دۆزیتەوە؟!

- هێشتا نا.

- بەڵام ئایا هیچ هیوایەکت بۆ دۆزینەوەی هەیە؟

- هیوادارم.

- کەوایە با بڕۆین، چیتر ناتوانم چاوەڕێ بکەم.

- پێویستە گالیسکەیەک بەکرێ بگرین.

- پێویست ناکات، گالیسکەکەم چاوەڕێی ئێمەیە.

- کەوایە ئەمە کارەکەمان ئاسان دەکات.

دواتر سواری گالیسکەکە بووین و بەرەو ماڵی "بریونی" ڕۆیشتین، دواتر (هۆڵمز) بە پاشای گوت: (ئایرین) هاوسەرگیری کردووە.

- هاوسەرگیری کردووە؟ کەی؟!

- دوێنێ.

- هاوسەرگیری بە کێ کردووە؟

- پارێزەرێکی ئینگلیزی بە ناوی (نۆرتن).

- باوەڕ ناکەم کە ئەوی خۆش بوێت.

- هیوایەکم هەیە بەوەی کە ئەوی خۆش بوێت.

- بۆچی ئەم هیوایەت هەیە؟

- چونکە ئەمە وادەکات لە داهاتوودا هەڕەشەت لێ نەکات، ئەگەر هاوسەرەکەی خۆش بوێت، ئەوا تۆی خۆش ناوێت، ئەگەر تۆی خۆش نەوێت، ئەوا خۆی هەڵناقورتێنێتە ژیانی تۆ.

**- ڕاست دەکەیت... باشە، خۆزگەم دەخواست کە هەمان پێگەی کۆمەڵایەتی منی هەبووبا، ئەگەر وابا، ئەوا دەبوو بە دوقێکی ناوازە.**

**- دواتر هەمووان بێ دەنگ بوون و لە شەقامی "سیربنتاین" وەستاین.**

**بینیمان کە دەرگای ماڵی "بریونی" کراوەتەوە و لە پێشەوەی دەرگایەکە ئافرەتێکی پیر بە شێوەیەک سەیری دەکردین وەکو ئەوەی کە گاڵتەی بە ئێمە بێت، بەهەرحاڵ کە دابەزین ئافرەتە پیرەکە گوتی: دڵنیام کە یەکێک لە ئێوە (شێرلۆک هۆڵمز)ە، وایە؟**

**(هۆڵمز) لە وەڵامدا گوتی: بەڵێ، خۆمم.**

**دواتر (هۆڵمز) بە گومانەوە، نەخێر بە ترسەوە سەیری ئافرەتە پیرەکەی کرد و ئافرەتە پیرەکە گوتی: دەمزانی کە دێیت بۆ ئێرە، چونکە خاتوونەکەم هاتنی تۆی بە من ڕاگەیاندبوو. خاتوونەکەم لەگەڵ هاوسەرەکەی کاتژمێر ٥:١٥ی بەیانی لە وێستگەی شەمەندەفەری "چیرنگ کرۆس"ەوە بەرەو بەشەکانی تری کیشوەری ئەوروپا ڕۆیشتن.**

**(هۆڵمز) ڕەنگی داهەڵگەڕا و هەنگاوێک کشایە دواوە و گوتی: چی؟ مەبەستت ئەوەیە کە "ئینگەلترا"ی جێهێشتووە؟!**

**- هەرگیزیش ناگەڕێتەوە.**

**- پاشایەکە بە دەنگێکی گەورەوە پرسی: ئەی وێنەکە؟ ئەویشی بردووە؟!**

**- (هۆڵمز)یش گوتی: با سەیری بکەین.**

**دواتر (هۆڵمز) بەپەلە ڕۆیشتە ژوورەوە و من و خاوەنشکۆش بە دوای کەوتین. چووینە ئەو ژوورەی کە تابلۆیەکەی لێیە، (هۆڵمز) ڕۆیشتە لای تابلۆیەکە و وێنەیەکی (ئایرین ئادلەر)ی بە جلوبەرگی ناوەوە و نامەیەکی لە پشت وێنەی ناو تابلۆیەکە دەرهێنا. لە سەرەوەی کاغەزی نامەکە نووسرابوو: "پێویستە نامەکە لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە تاکو بەڕێز (شێرلۆک هۆڵمز) دێت بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە".**

**لەگەڵ هاوڕێیەکەم نامەکان کردەوە و بینیمان کە بەرواری نووسینەکەی هی نیوەشەوی ڕابردوویە، دەستمان بە خوێندنەوە کرد و نووسرابوو:**

**"بەڕاستی منت بە شێوەیەکی جوان هەڵخەڵەتاند، تەنانەت کاتی ڕووداوی ئاگرە ساختەکەش گومانم لە هیچ شتێک نەبوو، بەڵام دوای ئەوەی کە چوومە لای وێنەکە، دەستم بە**

بیرکردنەوە کرد. پێش چەند مانگێک منیان دەربارەی تۆ ئاگادار کردبۆوە، پێیان گوتم ئەگەر خاوەنشکۆ لێکۆڵەرەوەیەکی تایبەت بەکرێ بگرێت، ئەوا پەنا بۆ تۆ دێنێت. هەروەها ناونیشانی تۆشیان پێدابووم. سەرەڕای ئەوەش هەر توانیت وام لێ بکەیت ئەوە بکەم کە تۆ دەتەوێت. تەنانەت دوای ئەوەی گومانیشم لێ کردیت، ئەوا هەر نەمتوانی کە گومانەکەی خۆم جێگیر بکەم بەوەی کە خۆت وەکو قەشەیەکی میهرەبان دەرخستبوو.

بەڵام ئەم جۆرە پۆشاک گۆڕینە شتێکی تازە نییە، منیش هەندێک جار پۆشاکی پیاوان دەپۆشم تاکو هەندێک شت بەدەست بێنم، بەهەرحاڵ دوای ئەوەی کە لە ژووری میوانەکان ڕۆیشتمە دەرەوە، (جۆن)ی شۆفێرم ڕاسپارد تاکو چاودێری تۆ بکات، منیش لە سەرەوە پۆشاکی پیاسەم (ئەوە ناوی پۆشاکی پیاوانەی "ئایرین ئادلەر"ە) لەبەر کرد. لە کاتێکدا دەڕۆیشتیت، ئەوا منیش هاتمە خوارەوە. دواتر تاکو بەردەم ماڵەکەت بەدوات کەوتم و بۆم دەرکەوت کە تۆی (شێرلۆک هۆڵمز)ی مەزن بە دوای من دەکەویت، دواتر شەوشادیم لە تۆ کرد و بەرەو لای هاوسەرەکەم گەڕامەوە کە لە "ئینەرتێمبڵ" بوو. قسەمان کرد و بڕیارمان دا کە باشترین چارەسەر بریتییە لەوەی کە وڵات جێبێڵین، چونکە کەسێکی زیرەکی وەکو تۆ مایەی هەڕەشەیە بۆ ئێمە، بەیانی کە هاتیت بۆ ئێرە، ئەوا دەبینیت کە ئێمە ڕۆیشتووین.

هەروەها مەعمیلەکەت دڵنیا بکەوە کە وێنەکە بۆ شازادە نانێرم، چونکە من ئەوم لەبیر کردووە و ئێستا پیاوێکی ترم خۆش دەوێت. ئەم وێنەیە هەر لای من دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی وەکو چەکێک بەکاری بێنم و خۆم لە هەڕەشەی داهاتووی ئەو بپارێزم. هەروەها وێنەیەکم جێهێشتووە کە لەوانەیە حەزی پێبێت لای خۆی بهێڵێتەوە".

لە (ئایرین ئادلەر)ەوە بۆ بەڕێز (شێرلۆک هۆڵمز).

پاشا زۆر بەجۆشەوە گوتی: ئای لەم ئافرەتە! بەڕاستی ئافرەتێکی زیرەکە! ئایا جێی داخ نییە کە هەمان پێگەی کۆمەڵایەتی منی نییە بەڕێز (هۆڵمز)؟

- (هۆڵمز) بە شێوەیەکی سارد گوتی: ئەو پێگەیەکی تەواو جیاوازی هەیە! ببورە بەوەی کە نەمانتوانی بە شێوەیەکی باشتر کۆتایی بە دۆسیەکە بهێنین خاوەنشکۆ.

- بە پێچەوانەوە بەڕێز (هۆڵمز)، دڵنیام کە ئەو بەڵێنی خۆی دەباتە سەر، وەکو ئەوە وایە کە وێنەکەی سووتاندبێت.

- بە بیستنی ئەمە خۆشحاڵم.

- بەڕاستی قەرزداری تۆم، چۆن دەتوانم قەرەبووت بۆ بکەمەوە؟ ئایا ئەم ئەنگوستیلەیەت دەوێت؟

- دواتر خاوەنشکۆ ئەنگوستیلەکەی دەرهێنا، ئەنگوستیلەکە لەسەر شێوەی مارێک بوو کە لە زمروت دروستکرابوو، دواتر دەستی (هۆڵمز)ی کردەوە و ئەنگوستیلەکەی پێدا، بەڵام (هۆڵمز) ڕەتی کردەوە و گوتی: شتێکی بەنرخترت لایە کە دەمەوێت خاوەنشکۆ.

- هەرچی ویستت، ئەوا پێتی دەدەم.

- ئەم وێنەیەم دەوێت.

- بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی: وێنەی (ئایرین)؟!

دواتر گوتی: زۆر باشە، فەرموو.

- سوپاس خاوەنشکۆ، دەتوانم بڵێم کە ئەم دۆسیەیە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە کۆتایی پێهاتووە، بۆیە هیوای کاتێکی خۆشت بۆ دەخوازم و ماڵاوا.

- دواتر هەردوو لا ماڵاواییان لە یەکتری کرد و بەرەو ماڵی خۆیان گەڕانەوە.

ئەمە چیرۆکی ئەو ئاشووبەیە کە خەریک بوو هەڕەشە لە داهاتووی تەواوی "بوهیمیا" بکات. ئەمە ئەو چیرۆکەیە کە بۆ یەکەمین جار ئافرەتێک توانی (شێرلۆک هۆڵمز) هەڵخەڵەتێنێت و پلانەکانی پووچەڵ بکاتەوە. لەو کاتەوە (هۆڵمز) بە هۆی ئەوەوە ستاییشی ئافرەتانی دەکرد و هەر جارێک باسی (ئایرین ئادلەر) دەکرا یان کە سەیری وێنەکەی ئەوی دەکرد، ئەوا بە "ئافرەت"ەکە ناوی دەهێنا.

کۆتایی